# ئەم سەرکەوتنە لە هەمووتان پیرۆزبێت!

بەرەی پێشکەوتنخوازی کوردستان!

نووسەرانی ئازادو ئینسان دۆستان!

لایەنگرانی مافی مرۆڤ و تێکۆشەرانی ئازادی!

ئەمرۆ د. کەمال سەید قادر دوای ئازادبوونی لە زیندان و دەستەبەسەری، گەیشتەوە وڵاتی ئەڵمانیا. بێگومان ئازادبونی د. کەمال بەرهەمی کاروتێکۆشانی ئێوە، بەرهەمی وەستانەوە ی ئێوە بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیروڕادەربڕین، بەرهەمی پێکهێنانی بەرەیەك و هەڵەتێکی سەراسەری کەم وێنە بوو لەمێژووی کۆمەڵگای کوردستاندا، کە ئێوە لە ئاستی ناوخۆو دەرەوە وەرێتان خست،و هەداتان نەدا، تا بەرگری لە ئازادی بیروڕادەربڕین و ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر سەرئە نجام سەرکەوت.

ئێمە بەوێنەی بەشێك لە هەڵمەتی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورا، وەکو کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر، پیرۆزبایی ئازادبونی دکتۆر کەمال سەید قادر بە کەس وکارو دۆستانی وە بەئێوە بەرەی بەرگری لە ئازادی و ئازاد یخوازی ڕادەگەیەنین.

ئازاد یخوازان!

بەدەستەوەگرتنی ئەم ئەزمونە پربەهایە، دەستمایەیەکی گەورەیە بۆ چرینی بانگەوازی ئازادی و داسە پاندنی لە کوردستاندا. لە مەیداندامانەوەی ئێوە وەکو بەرەیەکی کارابۆ بەرگری لە ئازادی" بەمانای فراوانی ووشەکە"، وەکو ئاو بۆ ژیان پێویستە.

بانگەوازتان دەکەین لەو ڕاستایەدا وەکو هەمیشە لەگەڵمان بن.

**کەمپەینی ئازادی بۆ د. کەمال سەید قادر**

**کۆمیتەی سەرپەرشتیکار**

**2006-4-6**